وەزارەتی ناوخۆ: لەسەرەتای مانگی نیسان بەگۆڕانامە کۆنەکان لە عێراق کاری پێناکرێت

ئەمە شەمە، عەبدولئەمیر شەمەری، وەزیری ناوخۆی عێراق لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، زیاتر لە 36 ملیۆن هاووڵاتی عێراقی بە هەرەمی کوردستانیشەوە کارتی نیشتمانیان بە دەرهێنراوە و لە سیستمی کارتی نیشتمانیدا تۆمارکراون.

ئاماژەی بەوەشکرد، لەسەرەتای مانگی نیسان بەگۆڕانامە کۆنەکان لە عێراق کاری پێناکرێت و لە ئایندەدا کارتی نیشتمانی لە بری کارتی دێنگدان بەکاردەهێنرێت.

ئەمەش لە کاتێکدایە، پێشتر وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە مانگی شوباتدا وادەی کارکردنی بە بەگۆڕانامە کۆنەکانی باری شارستانی تا 1 مانگی نیسانی ئەمساڵ درێژکردەوە، بەئەوەی دەرفەتێکی زیاتر بەو هاووڵاتییانە بدرێت تا مامەڵەی کارتی نیشتمانی ئەنجام بدەن.